دلاوەر قەرەداغی.. زیاد لە کەسێک!...

ئیدریس عەلی

دنیای کولتووری و ئەدەبی ئێمە، لەم پنتە داخراو و دووره شارستانییەتەی جیهاندا کە ناوی کوردستانە، زیاتر لەو منداڵە بێکەس و هەژاره دەچێت، کە چاوەڕێی دەستێکی ڕەحمەتە تێر و پۆشتەی بکات، لە ڕووی بەرهەمی ئەدەبی و داهێنانەوە، لە چەند هەوڵێکی لێرەولەوێ بترازێت، چ شتێکی ئەوتۆ نابینرێت، ئەم حاڵەتە تەواو لە کتێبخانەکانماندا بە زەقی ڕەنگی داوەتەوە و دەبینرێت و هەستی پێ دەکرێت.

بەڵام ڕەنگە لەڕووی کاری وەرگێڕانەوە، هێشتا شانسێکی ئەوتۆمان مابێت بۆ بەرگەگرتنی دڵڕەقی ژیان و وەستانەوە بەڕووی ناشرینییە زۆرەکاندا، لانیکەم بە وێنەی وڵاتانی دەوروبەرمان هەنگاو بنێین و وزە و ژیانێک بگەڕێتەوە بۆ نێو گیانی کولتوور و ئەدەبییمان، دیسان ئەم حاڵەتەش بە ڕوونی بە کتێبخانەکانمانەوە هەست پێ دەکەین و دەبینین، پێدەچێت ئەمەش جۆره خۆشبەختییەک بێت بۆ ئێمەی خوێنەر، کە لە ناو ئەم بێکەسیی و کەس بە کەسەدا، چەند وەرگێڕێک، بەوپەڕی پەرۆشی و عەشقەوە خەریکی کاری وەرگێڕانن لە ناو زمانە جیاجیاکانی دنیادا، وەرگێڕانی شاکاره زیندووەکانی نووسەره گەوره و دیارەکان، لە لایەکەوە بوونەتە خەزنەیەکی دەوڵەمەند و بە بەها بۆ خوێنەران، لە لایەکی دیکەوە خۆری ئاوەدانین و تیشکەکانیان کەوتوونەتە سەر کتێبخانەکانمان، ئەوان بێوچان کاری وەرگێڕان دەکەن و لەو جوانیانەی خۆیان دەیبینن بەشی ئێمەشی لێ دەدەن.

بەشبەحاڵی خۆم، وەک خوێنەرێک کە سەروکارم لەگەڵ کتێبە ئەدەبییەکاندا هەیە و حەز بە خویندنەوە دەکەم، ئاشنای گەلێ وەرگێڕ و بەرهەمەکانیان بووم و تا سەر ئێسک بە کتێب و جوانی قەرزاریان کردووم، ڕەنگە لە ڕابردوودا لەسەر هەندیکیان لێرەولەوێ.. لەم ڕۆژنامە و گۆڤار، قسەیەکی خێرمانکردبێ، یاخوود بە ستوونێک و چەند وشەیەکی سادە، بەڵام هەڵقوڵاوی ڕاستگۆیی ناخ و دڵ، سوپاسیکمان کردبن، بەڵام هێشتا ئەم هەوڵانەی ئێمە لە کوێ و ئەو ماندووبوون و شەونخوونی و عەشقە گەورانەی ئەوان لە کوێ؟

یەکێک لەو وەرگێڕکارانەی کە ئەزموونێکی جوانی هەیە ( دلاوەر قەرەداغی)ە، ناوبراو لە پەنا ئەزموونە تایبەت و هێمنەکەی شیعردا، بە عەشقێکی ئەبەدییەوە، چەندین شاکاری مەزنی جیهانیی وەرگێڕاوە و بە زمان و کوردییەکی تەواو جیاواز و جوان ئاشنای کردووین، گەر لامسەلایی و بە خێرایی چاوێک بە کتێبخانەی کوردیدا بگێڕین. مومکین نییە نیگامان لەسەر چەنین کتێبی (دلاوەر) نەگیرسێتەوە، من بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەڵێم کە ئەگەر ئەو نەبوایە ئێمەی خوێنەری کورد، مەگەر تەنها لە دوورەوە ناوی نووسەرەکانیان، یاخوود کتێبەکانیانمان ببیستایە.

ڕەنگە کاری ئەم نووسینە نەبێت ناوی یەک بەیەکی ئەو کتێبە گرنگانە بەرێت کە لەماوەی ئەزموونی کاری وەرگێرانی دا پێشکەشی کردووین، چونکە بە دڵنیاییەوە خودی خوێنەران بۆ خۆیان ناوی سەرجەم کتێبەکانیان ئەزبەرە و بەریکەوتوون، کتێبخانەی ماڵەکانیان تژین لەو ڕۆمان و شانۆنامە و بیروەریانەی گەورە نووسەرانی جیهان، کە ئەم وەریگێڕاون، دیسان کاری ئەم نووسینە ستایش و مەدحێکی بێ بنەما و فووتێکردنێکی لە خۆوە نییە، چونکە نە نووسەری ئەم نووسینە بێ بنەما وەسف دەکات، نە ئەوەی ئەم نووسینەی لەبارەوە نووسراوە پێی خۆشە وەسف بکرێت، نە کاریشی پێیەتی، ڕازیبوونی خوێنەر لە کتێبەکانی بۆ ئەو هەموو شتێکە و پێزانینێکی خاکەڕایانە سەرلەنوێ دەیخەنەوە سەر نەغمەی کارکردن و ماندووبوونی لەبیر دەبەنەوە.

تازەترین کتێبی وەرگێرانی کاک دلاوەر، کتێبە بە نرخەکەی (ئەندرێ مالرۆ) ی فەڕەنسییە، بە ناوی (نایادەوەری) ئەو کتێبە قەبەیەی کە ئێمە پێشتر تەنها ناویمان بیستبوو و لێرەو لەوێ باس لە گرنگی و بایەخی کرابوو، وەک خوێنەری کورد خەونمان بە وەرگێڕانییەوە دەبینی، من بیر لەوە دەکەمەوە چ ئازایەتی و عەشقێک لای دلاوەر هەیە کە دەست بەرێت بۆ کتێبێکی قەبارە گەورەی وەها؟ لە سەردەمیکدا کە دنیا بەرەو بەرژەوەندییە زۆر تایبەتییە تاکە کەسییەکان دەڕوات، ئەوە چ لە خۆبردووییەکە وا لە دلاوەر دەکات پشت بکاتە خۆی و چێژی ژیان و ڕووبکاتە خوێنەر عەزابی وەرگێران و ئازاری نووسینەوە و وەک کارگەیەکی چالاک پڕ بەرهەم بێت و جوانی پێشکەش بکات؟ لە نێوەندێکدا بە ناوی نێوەندی ئەدەبی کوردییەوە کە دەیان و زیاتریش

خەریکی خۆبردنە پێشەوە و ئیمتیازات و هاتوهاوار و گیرفان گەرمکردنن، ئەو تایبەتمەندییە چییە وا لە دلاوەر دەکات بێدەنگ و بێ بانگەشە و دەنگەدەنگ، تاوناتاوی کتێبێکی نوێ و نووسەرێکی نوێمان پێ ئاشنا بکات؟ بێگوومان بوونی کەسانی وەک کاک دلاوەر و چەند هاوڕێیەکی دیکە لە نیوەندەکەدا، کتوومت لە کۆڵەکەی ئەو ماڵە هەژارە دەچن، کە شانیان داوەتە بەر ڕووخان و بە پێوە ئازار دەچێژن بۆ ئەوەی جوانی نەکەوێت، ئەز دڵنیام ئەوەی ئەم هاوڕێ شاعیر و وەرگێرە بە تەنیا دەیکات، کاری دامودەزگایەکەی گەورەیە بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە.